


ئالان بادیۆ


وەرگێڕانی: وەلید عومەر

# ئارەزووی فەلسەفە و دونیای هاوچەرخ

ئـەم بەدواداچوونـە فەلسـەفییە لەژێـر ئـاڵا و بەیداخـی شـیعرەوە دەسـتپێدەکات، بـەم جـۆرەش پەیوەندییـە دێرینەکـەی نێـوان شـیعر و فەلسـەفە لـە یادەوەریمانـدا زیندوودەکاتـەوە.

ڕامبـۆ دەسـتەواژەیەکی سـەیر بەکاردێنێـت: «شۆڕشـە لۆژیکییـەکان-logical revolts». فەلسـەفە شـتێکە وەك «شـۆڕشی لۆژیـکی» . فەلسـەفە، بیرکردنـەوە دەکاتـەوە بـە گـژ ناعەدالەتیـدا، بـە گـژ دۆخـی کەموکـورتی دونیـا و ژیانـدا. هـاوکات فەلسـەفە بەهـۆی ئـەو جووڵـە و بزاوتـەوە کـە پارێـزەر و بەرگریـکاری عەقـڵ و بەڵگـە و بورهانـە، بیرکردنـەوە بەردەداتـە گیـانی ناعەدالـەتی، ئـەو جووڵـە و بزاوتـەی کـە سـەرەنجام لۆژیکێـکی تـازە دێنێتـە گـۆڕێ.

مالارمـێ [ــی شـاعیر] دەڵێـت: «هـەر بیرکردنەوەیـەك، هەڵـدانی زارێکـە». وایدەبینـم کـە ئـەم هاوکێشـە لوغزاوییـە پێناسـەکەری فەلسەفەشـە، چونکـە فەلسـەفە هـزری گـەردوونی و گشـتەکی دەخاتـەڕوو- واتـە ئـەوەی کـە بـە لای هـەر بیرکردنەوەیەکـەوە، مەسـەلەیەکی ڕاسـتەقینەیە-، بـەڵام ئـەم کارە لەسـەر بنەمـای بەرپرسـیاری و پابەندبوونێـك ئەنجامـدەدات کـە هەمیشـە بەخـت و شـانس ڕۆڵـی تیـا دەگێڕێـت، پابەندبوونێـك کـە لـە هەمـان کاتـدا جۆرێکـە لـە ڕیسـك و سـەرکێشی یـان گرەوکـردن.




# ئارەزووی فەلسەفە و دونیای هاوچەرخ

## ئارەزووە چوار ڕەهەندییەکەی فەلسەفە

ئەم دوو هاوکێشە شیعرییە[ی ڕامبۆ و مالارمێ]، گوزارشت لە تێکڕای ئارەزووی فەلسەفە دەکات، چونکە لەبنەڕەتدا ئارەزووی فەلسەفە هەڵگری ڕەهەندێکی شۆڕشە: هیچ فەلسەفەیەك بوونی نیە، گەر بیرکردنەوەیەکی نیگەران و نائاسودەش بوونی نەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دونیادا بەو جۆرەی هەیە. بەڵام هاوکات ئارەزووی فەلسەفە خاوەنی لۆژیکیشە؛ واتە بڕوابوون بە دەسەڵاتی عەقڵ و بەڵگە و بورهان. سەرەڕای ئەوەش ئارەزووی فەلسەفە هەڵگری گەردوونێتی و گشتێتی یشە: فەلسەفە ڕووی دەمی دەکاتە تێکڕای مرۆڤەکان وەك بوونەوەری بیرکەرەوە، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات هەموو مرۆڤەکان بیردەکەنەوە. دواجار فەلسەفە خۆی دەداتە دەستی ڕیسك و سەرکێشی: بیرکردنەوە هەمیشە ئەو بڕیاردانەیە کە پشتیوانی لە ڕوانگە سەربەخۆکان دەکات. بۆیە ئارەزووی فەلسەفە خاوەنی چوار ڕەهەندە: شۆڕش، لۆژیك، گەردوونێتی، ڕیسك.

پێموایە دونیای هاوچەرخ، دونیاکەی ئێمە، ئەو دونیایەی کە هەوڵدەیدەین بیری لێبکەینەوە و بیگۆڕین، گوشارێکی توند بۆ ئەم چوار ڕەهەندەی فەلسەفە دێنێت، بەجۆرێك کە هەر چوار ڕەهەندەکە، چاو لەناو چاوی دونیا، خۆیان لە ڕێڕەوێکی سەخت و تاریکدا دەبیننەوە کە چارەنووس و تەنانەت بوونی فەلسەفە خۆیشی بەوەوە بەستراوەتەوە.

سەرەتا و یەکەمیان، تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە هەیە، ئەم دونیایە، دونیای ئێمە، دونیای «ڕۆژئاوا»(چەندت پێخۆشە دەتوانیت فاریزەکە درێژبکەیتەوە) دەرگیر و دەستەویەخەی فیکر نابێتەوە وەك شۆڕش، ئەویش لەبەر دوو هۆ. یەکەم، ئەم جیهانە پێشوەخت فەرمانی ئازادیی خۆی دەردەکات و خۆی وەکو «جیهانێکی ئازاد» دەخاتەڕوو- ئەمە ڕێك هەر ئەو ناوەیە کە دەیداتە پاڵ خۆی، «دوورگەیەك»ی ئازاد لەسەر هەسارەیەك کە باقییەکەشی نوقمونغرۆی ناو کۆیلایەتی و وێرانییە. بەڵام ئەم جیهانە، جیهانی ئێمە، لە هەمان کاتدا ڕیسك و قومارەکانی ئازادییەکی لەم جۆرە، یەکڕەنگوستاندارد دەکات و بە بازرگانییدەکات- کە ئەمەش هۆکاری دووەمیانە؛ هەروەها ملکەچی یەکڕیتمییەکی پولەکیی دەکات، ئەویش بە سەرکەوتنێکی لەو جۆرەوە کە گوایا جیهانەکەی ئێمە چیتر پێویستی بە شۆڕش نیە بۆ ئەوەی ئازاد بێت، چونکە ئازادی بۆ هەموومان





گەرەنتی و مسۆگەر دەکات. بەڵام بەکارهێنانی ئازادانەی ئەم ئازادییەمان بۆ مسۆگەر ناکات، چونکە لەڕاستیدا بەکارهێنانێکی لەم جۆرە پێشوەخت لەلایەن بریقوباقی بێکۆتایی کاڵا و شمەکە کۆدڕێژکراو و ئاراستەکراوەکانەوە خراوەتە سەر تووڵەڕێیەکی تایبەت. بەم هۆیەوەیە کە ئەم جیهانە گوشارێکی هێجگار توند دەخاتە سەر ئەو ئایدیایەی کە [پێیوایە] بیرکردنەوە دەتوانێت بریتیبێت لە شۆڕش یان یاخیبوون.

جیهانەکەی ئێمە هێشتاش فشارێکی بەهێز دەخاتە سەر ڕەهەندی «لۆژیك»، لەبنەڕەتەوە لەبەرئەوەی کە جیهان لەقووڵاییدا بۆتە ملکەچی ڕژێمێکی نالۆژیکی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن(communication). پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن ئەو دونیایە یەکدەخات و دەگەیەنێتە یەکتری کە پێکهاتووە لە وێنەکان، وتەکان، گوزارەکان و ئەو شەرحە لێکپچڕاوانەی کە پرەنسیپە قبوڵکراوەکەیان بریتییە لە نایەکانگیری . کۆمۆنیکاسیۆن ڕۆژ بە ڕۆژ هەموو لینك و پرەنسیپەکان پوچەڵدەکاتەوە و دەیانخەسێنێت، ئەویش لە چوارچێوەی جۆرێك پێکەوەبوون و دراوسێیەتیی بێپاساو و بێهۆکاردا کە سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکان لەناودەبات، ئەو ڕەگەزانەی کە لە بەر لێشاوی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆندا گسكدەدرێن و ڕادەماڵرێن. ڕەنگە لەوەش نیگەرانکەرتر ئەوە بێت کە کۆمۆنیکاسیۆنی ئاپۆرەیی جیهان وەکو نمایشێکی بێیادەوەری دەخاتەڕوو، نمایشێك کە تێیدا وێنە نوێیەکان و گوتە نوێیەکان ئەو وێنە و گوتانەی تر دادەپۆشن و دەسڕنەوە و لەبیردەنەوە کە تۆزێك پێشتر خراونەتەڕوو. ئەو لۆژیکەی لێرەدا پوچەڵ دەکرێتەوە و دەخەسێنرێت بریتییە لە لۆژیکی کات. هەر ئەم پرۆسانەی کۆمۆنیکاسیۆنن کە فشاردەخەنە سەر مکوڕبوونی وەفای بیرکردنەوە دەرهەق بە لۆژیك، لەجیاتیی لۆژیکیشدا، جۆرێك لە پەرشوبڵاوبوونەوەی خەیاڵی بۆ بیرکردنەوە پێشنیاردەکەن.


تا ئەو جێیەی کە پەیوەندیی بە ڕەهەندە گشتییەکەی ئارەزووی فەلسەفەوە هەیە جیهانەکەی ئێمە شایستەی ئەوە نیە، چونکە ئەم جیهانە لەبنەڕەتەوە بۆتە جیهانێکی پارچەپارچە و تایبەتکراو و بەپسپۆڕیکراو؛ پارچەپارچە لە وەڵامیدا دەرهەق بە پێداویستیی لقە بێشومارەکانی نەزمی تەکنیکیی شتەکان، پێداویستییەکانی تایبەت بە دەزگاکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردنی مووچەکان و هەمەڕەنگیی ڕۆڵوکارکردەکان و شارەزاییەکان. پێویستبوونی ئەم بەتایبەتبوون و پارچەپارچەبوونە تێگەیشتنی ئەو خاڵە ئەستەم دەکات کە چ شتێك دەتوانێت شیاوی پیاتێپەڕین بێت یان گشتەکی و گەردوونی بێت؛ واتە چ شتێك دەتوانێت بۆ هەر بیرکردنەوەیەك موعتەبەر و جێبایەخ بێت.

سەرەنجامیش دەگەینە سەر ڕەهەندی «ڕیسك یان سەرکێشیکردن». جیهانەکەمان کەیفی بە پابەندبوونی ڕیسکئامێز و بڕیاری ڕیسکئامێز نایەت، چونکە ئەمە جیهانێکە کە چیتر هیچکەس ئامرازێکی بەدەستەوە نیە بۆ سپاردنی وجودی خۆی بە هەڵدێرەکانی بەخت. گوایا بوون یان وجود، پێویستی بە ژماردن و حیساباتی ورد و وردترە. ژیان بۆ حیساباتی ئەمن و ئاسایش تەرخان دەکرێت و ئەم وەسوەسەیەی حیساباتی ئەمن و ئاسایش پێچەوانەی ئەو گریمانەیەی مالارمێیە کە گوایا هەر بیرکردنەوەیەك بریتییە لە هەڵدانی زارێك، چونکە لە جیهانێکی لەم جۆرە [ی مالارمێدا] و لە هەڵدانی هەر زارێکدا ڕیسك و سەرچڵییەکی هێجگار زۆر خۆی حەشار داوە.

بەم شێوەیە، ئارەزووی فەلسەفە لە جیهاندا ڕووبەڕووی چوار ڕێگری سەرەکی دەبێتەوە. ئەم ڕێگرانەش بریتین لە: فەرمانڕەوایی کاڵا و شمەکەکان، فەرمانڕەوایی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن، پێویستبوون بە تایبەتکردن و پسپۆڕیکردنی تەکنیکی، زەرووڕەتی حیساباتی واقیعییانەی ئەمن و ئاسایش. فەلسەفە چۆن دەتوانێت دەرەقەتی ئەم تەحەدایە بێت؟ ئاخۆ فەلسەفە تەحەدایەکی وای لەدەستدێت؟ دەبێت لە دۆخی فەلسەفەی هاوچەرخدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین.

## دۆخی ئێستای فەلسەفە

گەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەیری فەلسەفەی هاوچەرخ بکەین، ئەوا ئاراستە سەرەکییە جیهانییەکانی کامانەن؟ پێموایە دەتوانین سێ ئاراستەی سەرەکی لە فەلسەفەی ئەمڕۆدا جیابکەینەوە. ئەم سێ ئاراستەیە، لەگەڵ سێ ناوچەی جوگرافییشدا وێکدێنەوە و دەگونجێن. من سەرەتا ناویاندەنێم و پاشان باسیاندەکەم. دەتوانین یەکەم ئاراستە ناوبنێین ئاراستەی هێرمۆنۆتیکی، کە لەڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیالیزمی ئەڵمانی. لە ناسراوترین ئەو ناوانەی کە بدرێتەپاڵ ئەم ئاراستەیە هایدگەر و






گادامێـرن و پێگـە مێژووییەکەیـان لەسـەرەتادا لـە ئەڵمانیـا بـوو. دووەم ئاراسـتە، ئاراسـتەی [فەلسـەفەی] شـیکارییە کـە سـەرچاوەکەی کـۆڕی ڤیەننـا بـوو. ئـەو نـاوە سـەرەکییانەی دراونەتەپاڵـی بریتیـن لـە ڤیتگنشـتاین و کارنـاپ. ئـەم ئاراسـتەیە، سـەرەڕای ڕەچەڵەکـە نەمسـاییەکەی، کەچـی ئێسـتا باڵـی بەسـەر ئەکادیمیـای ئینگلیـزی و ئەمریکیـدا کێشـاوە. دواجاریـش لەبـەردەم ئاراسـتەیەکی تردایـن کـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن ئاراسـتەی پۆسـتمۆدێرن، کـە لەڕاسـتیدا قـەرزاری دوو ئاراسـتەکەی تـرە. بێگومـان ئـەم ڕەوتـە چالاکتریـن ڕەوت و ئاراسـتەیە لـە فەڕەنسـادا و هەندێـك بیریـاری زۆر لێكجیـاوازی وەك ژان فرانسـوا لیوتـار و ژاك دێریـدا دەگرێتـە خـۆی. ئـەم ئاراسـتەیە لـە ئیسـپانیا، ئیتالیـا، و ئەمریکای لاتینیشـدا بـە هەمـان ڕادە چالاکـە.

ئاراسـتەیەکی هێرمۆنۆتیـکی، ئاراسـتەیەکی شـیکاری، ئاراسـتەیەکی پۆسـتمۆدێرن: دیـارە لەنێـوان ئـەم سـیانەدا، شـێوازێکی هێجـگار زۆر بازنـەی هاوبـەش، تێکەڵـە و تـۆڕی ئاڵوگـۆڕ بـوونی هەیـە، بـەڵام ئـەم سـیانە هاوشـانی یەکـدی جیهانیتریـن و وەسـفکراوترین جوگرافیـای مومکیـن لـە فەلسـەفەی هاوچەرخـدا پێکدێنـن. بـەڵام ئـەوەی بـۆ ئێمـە سەرنجراکێشـە ئەوەیـە کـە هەریـەك لـەم ئاراسـتانە چۆنچـۆنی فەلسـەفە پێناسـە و دەستنیشـان دەکات.

ئاراسـتەی هێرمۆنۆتیـکی، ئـەرك و ئامانجێـك دەخاتـە ئەسـتۆی فەلسـەفە کـە بریتییـە لـە داماڵینی‌نهێنـی لـە مانـای «بـوون»، مانـای «بوون-لە-جیهانـدا»، چەمـك و کۆنسـێپتە سـەرەکییەکەی ئـەم ئاراسـتەیە بریتییـە لـە «تەفسـیر یـان ڕاڤـە و تەئویـل». زۆر دەسـتەواژە، کـردە و ئەکـت، نوسـین و بیرکردنـەوە، فۆرمولەبەنـدی هـەن کـە ماناکەیـان تەمومـژاوی، خەفەکـراو، شـاراوەیە و یـان لەبیرچۆتـەوە. فەلسـەفە دەبێـت بـە جۆرێـك لـە میتـۆدی تەفسـیر پرچـەك بکرێـت کـە یارمەتیـی ڕوونکردنـەوەی ئـەم تەمومـژ و نارۆشـنییە بـدات و مانایـەکی ڕەسـەنی لێـوە دەرکێشـێت، مانایـەك کـە دەبێتـە سـیما و هێمایـەك بـۆ چارەنوسـمان، ئەویـش لـە پەیوەنـد بـە چارەنووسی بـوون و وجـود خۆیـەوە. بـە لای فەلسـەفەی هێرمۆنۆتیکییـەوە، دژیەکییـە بنەڕەتییەکـە بریتییـە لـە دژیەکیـی نێـوان پـرسی داخـراو(the closed) پـرسی کـراوە(the open). لـەو شـتەی کـە هەیـە و پێـدراوە، لـە دونیـای ڕاسـتەوخۆ و بێ‌نێوانگـردا، شـتێکی داخـراو و بەلاڕێدابـراو و شـاراوە بـوونی هەیـە. ئامانجـی تەفسـیرکردن، پوچەڵکردنـەوەی ئـەم قوفـڵ و چوارچێوەیەیـە و کردنەوەیـەتی بـە ڕووی مانـادا. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئـەرك و ئامانجـی فەلسـەفە «ئـەرك و ئامانجێـکی پەیوەسـتە بـە پـرسی کـراوەوە». ئـەم ئامانجـە، ئـەو شـەڕ و ململانێیـە دەستنیشـان دەکات کـە لەنێـوان فەلسـەفە و دونیـای تەکنیکدایـە، چونکـە ئەمـەی دووەمیـان بەرهـەم و بەرەنجامـی زاڵبـوونی نیهیلیزمـی داخـراوە.

ئاراسـتە یـان قوتابخانـەی شـیکاری، ئامانجـی فەلسـەفە بـە دەستنیشـانکردنی ورد و تۆکمـەی ئـەو گوتـە و گوزارانـە دەزانێـت کـە هەڵگـری مانـان لەگـەڵ ئـەو گوتـە و گوزارانـەی کـە مانایـان نیـە. ئامانجەکـەش، دیاریکـردن و سـنوردانانە لەنێـوان ئـەوەدا کـە چ شـتێك قابیـلی وتنـە و گوتنـی چ شـتێکیش ناموکیـن و نارەوایـە. ئامـرازی بنچینەیـی فەلسـەفەی شـیکاری بریتییـە لـە شـیتەڵ و شـیکردنەوەی لۆژیـکی و ڕێزمانیـی گوتـەکان و دواجاریـش تێکـڕای زمـان. لێـرەدا کۆنسـێپتە سـەرەکییەکە تەفسـیر نیـە بەڵکـو ڕێسـایە. ئـەرك و ئامانجـی فەلسـەفە دۆزینـەوەی ئـەو ڕێسـایانەیە کـە جۆرێـك لـە سـازان و ڕێکەوتـن دەربـارەی مانـا دابین‌دەکـەن. لێـرەدا دژیەکییـە بنەڕەتییەکـە بریتییـە لـە دژیەکیـی نێـوان ئـەوەی دەتوانێـت ڕێکبخرێـت و ڕێسـامەند بکرێـت لەگـەڵ ئـەوەدا کـە ناتوانرێـت، یـان لەنێـوان ئـەوەی لەگـەڵ یاسـایەکی نـاسراودا دەگونجێـت و سـازان لەبـارەی مانـاوە مسـۆگەردەکات، لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە چنگـی هەمـوو یاسـا ڕوون و ڕاشـکاوەکان هەڵدێـت و سـەرەنجامیش دەخزێتـە نـاو وەهـم یـان نەسـازان و ناکۆکییـەوە. لـە دیـدی ئاراسـتەی شـیکارییەوە، ئامانجـی فەلسـەفە بریتییـە لـە دەرمان(چارەسـەر) و ڕەخنـە. پـرسی فەلسـەفە بریتییـە لـە چارەسـەرکردنی ئێمـە لەپـاش نەخۆشـیی وەهمـەکان و لادانـە پەرتکـەرەکانی زمـان، ئەویـش لەڕێگـەی جیاکردنـەوەی ئـەو شـتانەوە کـە بێ‌مانـان، و گەڕانـەوەشی بـۆ ئـەو ڕێسـایانەی کـە لای هەمـووان ڕوون و شـەفافن.

دواجاریـش، ئاراسـتەی پۆسـتمۆدێرن، ئامانجـی فەلسـەفە بـە هەڵوەشـاندنەوەی فاکتـە قبوڵکـراوەکانی مۆدێرنـەی خۆمـان دەزانێـت. فەلسـەفەی پۆسـتمۆدێرن، بەتایبـەت، خوازیـاری ئەوەیـە بینـا و بونیـادە گـەورەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم هەڵوەشـێنێتەوە کـە هێشـتاش دیـل و گیرۆدەیانیـن- ئایدیـای سـوبێکتی مێژوویـی، ئایدیـای پێشـکەوتن، ئایدیـای شـۆڕش، ئایدیـای مرۆڤگەرایی(هیومانیـزم) و ئایدیاڵـی زانسـت. ئامانجـی ئـەم ئاراسـتەیە، سـەلماندنی ئـەو شـتەیە کـە گوایـا ئـەم بینـا و بونیـادە گەورانـە بەسـەرچوون، گوایـا ئێمـە ئیـتر لەنـاو فرەیـی دا دەژیـن کـە هیـچ حەکایـەت و داسـتانێکی گـەورە لـە مێـژوو یـان فیکـر و بیرکردنـەوەدا بـوونی نیـە، هەمـوو لیسـت و ڕەشنووسـەکان لـە بیرکردنـەوەدا وەك کـردە، هەڵگـری فرەییەکـن کـە کورتناکرێتـەوە [بـۆ هیـچ شـتێکی تـر]، کۆمەڵێـك لیسـت و





دۆکیۆمێنتی هەمەڕەنگ و ناچوونیەك كە هیچ ئایدیایەكی گەورە ناتوانێت تۆتالیتاریزەیان بكات و یەكیان‌بخات و ئاشتیان بكاتەوە- ئەویش تا ئەوجێیەی كە فەلسەفە لەگەڵ ناجێگیری و ناسەقامگیریی خۆیدا ڕووبەڕووده‌بێتەوە. لەئەنجامیشدا، ئاراستەی پۆستمۆدێرن ئەو شتە چالاك و كارا دەكات كە دەتوانین ناوبنێین چالاكییە تێكەڵوپێكەڵەكان، چالاكییە لە كۆ-داماڵراوەكان ، چالاكییە ناپەتییەكان. ئەم ئاراستەیە، بیركردنەوە لە پەراوێزەكاندا جێگیردەكات، لەو ناوچە و ڕووبەرانەدا كە سنوردار ناكرێن و گەمارۆ نادرێن. ئەم ئاراستەیە، بەشێوەیەكی تایبەت، بیركردنەوەی فەلسەفی دەخاتە پەراوێز یان لێوارەكانی هونەرەوە و تێكەڵەیەكی بێ‌كۆ و بێ‌گشت لە میتۆدی چەمكییانەی فەلسەفە و كردەی هەستەكییانەی هونەر دەخاتەڕوو.

## ناواخنە هاوبەشەكانی ئەم سێ ئاراستەیەی فەلسەفە

ئایا ئەم سێ ئاراستەیە-كە بەكورتی باسمان كردن- خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەكتردا هەیە؟

ئایا ئێمە لەبەر هەر هۆكارێك بێت مۆڵەتی ئەوەمان هەیە، سەرباری ئەم هەمەڕەنگییە، كۆمەڵێك تایبەتمەندی بدۆزینەوە گوزارشت بێت لە جۆرێك یەكێتی لە فەلسەفەی هاوچەرخدا؟ بە بۆچوونی من، دوو تایبەتمەندیی سەرەكی هەن كە ڕووی هاوبەشی ئەم سێ ئاراستە هێرمۆنۆتیكی، شیكاری، پۆستمۆدێرنەیەن.

ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەن كە دەریدەخات ئەم سێ ئاراستە فەلسەفییە تێكڕا و پێكەوە هاوچەرخن، هەرچەندەش لێك‌جیاواز بن ئەوا هەر چارەنوسیان بەستراوە بە یەكترەوە. هەروا بەسادەیی فۆرمێكی ئامادە و مومكین نین لە دابەشكارییەكی كایەی بیركردنەوەدا، بەڵكو سێ دەركەوتە و دەربڕینی یەك داوان كە سەردەمەكەی ئێمە لە فەلسەفەی دەخوازێت.


تایبەتمەندیی یەكەمیان، نەرێنی و نێگەتیڤە. هەر سێ ئاراستەكە لەوەدا كۆكن كە ئێمە لە سەردەمی كۆتایی میتافیزیكداین، كە فەلسەفە چیتر لە پێگەیەكدا نیە بتوانێت پێگە كلاسیكەكەی خۆی بپارێزێت، واتە فۆرم و فیگەری گەورەی گوزارەی میتافیزیكی. بە مانایەكی تایبەت، ئەم سێ ئاراستەیە لەو باوەڕەدان كە فەلسەفە خۆی لە هەناوی كۆتایی فەلسەفەدا جێی خۆی گرتووە، یان فەلسەفە لە ساتەوەختی ڕاگەیاندنی كۆتایی خۆیدایە.

دەتوانین لێرەدا یەكسەر سێ نمونە بخەینەڕوو. ئاشكرایە لای هایدگەر ناواخنی «كۆتایی» ڕەگەزی سەرەكی و سەنتراڵی فیكری ئەوە. لای هایدگەر تایبەتمەندیی سەردەمی ئێمە كۆتاییهاتن یان داخرانی مێژووی میتافیزیكە و دواجاریش كۆتایی كۆی ئەو سەردەمەیە كە لە ئەفلاتونەوە دەست‌پێدەكات، كۆی مێژووی بوون و بیركردنەوە. ئەم كۆتایی و داخرانە سەرەتا لە كەوڵی ئەو پشێوی و وێرانی و بێ ماڵوحاڵییەدا دێتەدی كە لە فەرمانی تەكنۆلۆژیاوە سەرچاوە دەگرێت.

هیچ فەلسەفەیەك هێندەی فەلسەفەی كارناپ لە فەلسەفەی هایدگەرەوە دوور نیە. لەگەڵ ئەمەشدا، كارناپیش كۆتایی هەموو جۆرە ئەگەرێكی بەدیهاتنی میتافیزیك ڕادەگەیەنێت، چونكە بە لای ئەوەوە میتافیزیك هیچ نیە جگە لە كۆمەڵێك گوتە كە بێ‌نەزم و ڕێسان و خاڵین لە مانا. ئامانجی دەرمان و چارەسەری شیكاری، بریتییە لە چارەكردن و لابردنی نیشانەی نەخۆشیی میتافیزیك، واتە چارەكردنی نەخۆشەكە لەو گوتانەی كە بەهۆی شیكاركردنیانەوە دەریدەخات ناتوانن بسازێنن و ڕێكبكەون چونكە بەتاڵن لە مانا.

گەر بەدوای ژان فرانسوا لیوتاردا بڕۆین، یەكێك لە ناواخنە سەرەكییەكانی ئەو بریتییە لە كۆتایی «حەكایەتە گەورەكان»- حەكایەتە گەورەكانی شۆڕش، پرۆلیتاریا و پێشكەوتن. جارێكی دیكە لەبەردەم «كۆتایی»یەكداین، كۆتایی حەكایەتە گەورەكان كە كۆتایی بینا و فۆرمولەبەندییە گەورەكانی سوبێكت و مێژووە و بەستراوەتەوە بە میتافیزیكی مۆدێرنەوە.

كەواتە لەبەردەم ناواخنێكی هاوبەشی ئەم سێ ئاراستەیەداین كە ئەویش بریتییە لە ناواخنی كۆتایی، ناواخنی جۆرێك لە كۆتاییهاتن یاخود گەیشتنەئەنجام. دەتوانین ئەم ناواخنانە بە جۆرێكی دیكەش پۆلێن بكەین. ئایدیاڵی حەقیقەت، بەو جۆرەی فەلسەفەی كلاسیك دەیخستەڕوو، گەیشتۆتە كۆتاییەكەی خۆی. پێویستە ئایدیای فرەیی ماناكان، بخەینە جێی ئایدیای حەقیقەت. بە بڕوای من، ئەم دژیەكییەی نێوان ئایدیاڵی كلاسیكی حەقیقەت و ناواخنی مۆدێرنی فرەبەهایی ماناكان، دژیەكییەكی بنچینەییە. دەتوانین بەشێوازی هێڵكاری، هەڵبەت زۆریش بێ‌دیقەتانە نا، ئەوە بڵێین كە فەلسەفەی هاوچەرخ دەسپێكی پەڕینەوەیە لە فەلسەفەیەكی ڕووەو حەقیقەتەوە بۆ فەلسەفەیەكی ڕووەو مانا. لە هەریەكە لەم سێ ئاراستە بنچینەییەدا، فەلسەفەی





هاوچـەرخ کاتیگۆریـی حەقیقـەت و لەگەڵیشـیدا شـکڵە کلاسـیکییەکەی فەلسـەفە ڕادەکێشـێتە بـەردەم دادگا. ئـەم ڕووکارە هاوبەشـەی ئـەم سـێ ئاراستەیە، لەلایەکـەوە نەرێنـی و نێگەتیڤـە. ڕووکاری هاوبـەشی ئەرێنـی و پۆزەتیڤیان-کـە خاڵێـکی گرنـگ و جەوهەرییـە- ئـەو پێگـە سـەنتراڵەیە کـە بـۆ پـرسی زمـان تەرخـانی دەکـەن. فەلسـەفەی ئـەم سـەدەیە، لەبنچینـەوە گـۆڕاوە بـۆ قووڵبوونـەوە و ڕامـان لـە زمـان، لـە تواناکانی زمـان، لـە ڕێسـاکانی، و لـە مۆڵەتپێـدان و دەسـەڵاتپێدانەکانی لـە کایـەی بیرکردنـەوەدا. ئـەم خاڵـە لـە خـودی پێناسـەی ئاراسـتە ناوبراوەکانیشـدا دەبینرێـت: ئاراسـتەی هێرمۆنۆتیـکی، بـە مانایـەکی تایبـەت بریتییـە لـە تەفسـیرکردنی کـردە زارەکییـەکان(speech acts)، ئاراسـتەی شـیکاری بریتییـە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گوتـەکان و ئـەو ڕێسـایانەی کـە باڵادەسـتن بەسـەریدا، ئاراستەی پۆستمۆدێرنیش پەرە بە ئایدیای [«بـوون[« فرەییـەك دەدات لـە ڕسـتە و پارچە(فراگمێنـت) و شـێوازەکانی گوتـاردا لـە غیـابی هەرجـۆرە لێکچوونێکـدا. بـەم جـۆرە زمـان بۆتـە پرسـێکی گـەورەی ترانسـێندێنتاڵ و باڵانشـینی-مێژوویی سـەردەمی خۆمـان.


بـا شـتەکە کـورت و پوخـت بکەینـەوە، فەلسـەفەی هاوچـەرخ خـاوەنی دوو ئەکسـیۆم(بنەڕەتی بەڵگەنەویست)ـە کـە لەنێـوان هـەر سـێ ئاراستەکەدا هاوبەشـە: یەکەمیـان ئەوەیـە کـە میتافیزیـکی حەقیقـەت بۆتـە شـتێکی مەحـاڵ و نەڕەخسـاو. ئـەم ئەکسـیۆمە، شـتێکی نەرێنییـە. فەلسـەفە چیـتر ناتوانێـت وا خـۆی دەربخـات کـە لەمێـژە بڕیاریدابـوو بـەو جـۆرە بێـت، واتـە جۆرێـك لـە گـەڕان بـەدوای حەقیقەتـدا. ئەکسـیۆمی دووەم ئەوەیـە کـە زمـان ڕووبەرێـکی گرنگـی فیکـر و بیرکردنەوەیـە، چونکـە ئـا لـەم ڕووبەرەدایـە کـە دەسـتەویەخەی پـرسی مانـا دەبینـەوە. سـەرەنجام، پـرسی مانـا دەبێتـە جێگـرەوەی پرسـە کلاسـیکەکەی حەقیقـەت.

## کەموکورتییەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ

قەناعەتـم وایـە ئـەم دوو ئەکسـیۆمە مەترسـییەکی ڕاسـتەقینەمان پێدەناسـێنن بـۆ فیکـر و بیرکردنـەوە بەگشـتی و فەلسـەفەش بەتایبـەتی. بـە بۆچـوونی مـن، تـادواڕادە شـەرح و پەرەپێـدانی ناسـك و ئاڵـۆز و قەشـەنگی ئـەم دوو ئەکسـیۆمە، بـەو جـۆرەی لـە فەلسـەفەی هاوچەرخـدا دەبینرێـت، فەلسـەفە لەهەمبـەر پاراسـتنی ئـەو ئـارەزووەدا سسـت و بێتوانا دەکات کـە سـەرباری گوشـارە توندەکـەی دونیـای هاوچەرخیـش، هـەر بەشـێکی بنچینەییـە لـە خـودی فەلسـەفە. ئـەم دوو ئەکسـیۆمە ناتوانـن ئامرازێـك ببەخشـنە فەلسـەفە بـۆ پاراسـتنی ئارەزووەکـەی، ئەویـش لـە قاڵبێـکی چوارڕەهەندیـی شـۆڕش، لۆژیـك، گەردوونێتـی، ڕیسـكدا.

گـەر فەلسـەفە لـە بنـەڕەت و جەوهـەردا ڕامـان و قووڵبوونـەوە بێـت لـە زمـان، ئـەوا ناتوانێـت ئـەو لەمپـەرە تێکشـکێنێت کـە تایبەتبـوون و پارچەبـوونی جیهـان دەیخەنـە سـەر ڕێـگای «]هاتنەدیـی[« گەردوونێتـی. قبوڵکـردنی جیهـانی زمـان وەك ئاسـۆی ڕەهـای بیرکردنـەوەی فەلسـەفی، لەڕاسـتیدا ملدانـە بـۆ پارچەبـوون و وەهمـی کۆمۆنیکاسـیۆن- چونکـە حەقیقـەتی جیهانەکـەی ئێمـە ئەوەیـە کـە ژمـارەی زمانـەکان هێنـدەی ژمـارەی جڤـات و کۆمەڵـەکان، چالاکییـەکان یـان جـۆر و بەشـەکانی زانیـن و زانیارییـە. لـەوەدا کۆکـم کـە فرەییـەك یـان ژمارەیـەکی زۆر گەمـەی زمانـەوانی بوونیـان هەیـە. بـەڵام ئەمـە فەلسـەفە ناچـاردەکات تاکـو -گـەر بیەوێـت ئـارەزووی خـۆی بـۆ گەردوونێتـی بپارێزێـت- خـۆی لـەو جێیـەدا سـەقامگیربکات کـە دەکەوێتـە دەرەوەی چوارچێـوەی ئـەم فرەییـەوە، تاکـو ئەمیـان نەبێتـە ملکەچـی بێچەندوچـوونی ئەویتریـان. لـەدەرەوەی ئـەم حاڵەتـەوە، فەلسـەفە دەبێتـە ئـەو شـتەی کـە لـە زۆرتریـن حاڵەتەکانـدا دەیبینـین، واتـە وەسـفێکی بێکۆتایـی فرەیـی گەمـە زمانەوانییـەکان. گەرنـا دوور نیـە فەلسـەفە زمانێـکی تایبـەت هەڵبژێرێـت و بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە ئەمـە تاکـە زمانـە و دەتوانێـت فەلسـەفە دەربـاز بـکات- گەرچـی ئەمـە ئەڵتەرناتیڤێـکی خراپتریشـە. خـۆ دەزانـین ئـەم ئەڵتەرناتیڤـە بـە چ شـتێك کۆتایـی دێـت. هایدگـەر بەڕاشـکاوی بەرگـری لـەو تێـزە دەکات کـە زمـانی یۆنـانی و پاشـان ئەڵـمانی هەڵگـری بەهایـەکی زاتیـی فەلسـەفیین. دەڵێـت: «بـوون، بـە یۆنـانی دەدوێـت». بـە وتـەی ئـەو، زمـانی ئەڵـمانی، بـە مانایـەك لـە مانـاکان، تاکـە زمانێکـە کـە بیرکردنـەوە تێیـدا دەتوانێـت درێـژە بـە تەحـەدا بـدات لەگـەڵ قـەدەر و چارەنـووسی خۆیـدا. دیـارە پەیوەندییـەکی زەرووری و ناچـاری هەیـە لەنێـوان هەڵبـژاردنی ئـەم زمانـە تایبەتـەدا و ئـەو هەڵوێسـتە سیاسییەشـدا کـە پابەندبـوونی هایدگـەری لێکەوتـەوە دەرهـەق بـە ناسـیۆنالیزمی ئەڵـمانی، ئەویـش لـە کەوڵێـکی تاوانکارانـەدا کـە نازیـزم پێیبەخشـیبوو.

تـا ئـەو جێیـەی پەیوەندیـی بـە فەلسـەفەی شـیکارییەوە هەیـە، تـەواو ئاشـکرایە کـە ئـەم فەلسـەفەیە ئیمتیازێـکی تاکلایەنـە بـۆ زمـانی زانسـتی دادەنێـت، ئەویـش وەك زمانێـك کـە تێیـدا ڕێسـاکان هـەم ڕاشـکاون و هـەم لـەڕووی بابـەتی زمانیشـەوە هەڵگـری زۆرتریـن کیفایـەت و گەیاندنـن. شـێوازی جیاکردنـەوەی مانـا لـە بێمانایـی بەکۆمـەکی خسـتنەڕووی ئـەم جیاکارییـە لـە قاڵبـی ڕێسـایەکدا،





ئـەو کارەی کـە لـە بـیرکاری و زمـانی زانسـتیدا بەشـێوەیەکی گشـتی بـاوە، نموونەیـەکی ڕوون و ئاشـکرایە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە. بـەڵام ئـەم ئیمتیـازە خـۆی لـەڕووی فەلسـەفییەوە ترسـناکە، چونکـە ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە هـۆی سووکسـەیرکردنی ئـەو کایـە و فەزایانـەی کـە دژی ئـەم پۆلێنکارییـەی زمـانی زانستی دەوەسـتنەوە. ئـەو بەهـا و ئیمتیـازەشی دەدرێتـە ئـەم زمانـە، جۆرێـك لـە عەقڵانیـەت دەستنیشـاندەکات کـە بەناچـاری هاوشـانە لەگـەڵ پشتگوێخسـتن یـان سووکسـەیرکردن یـان چاوپـۆشی لـەو ڕاسـتییەی کـە تەنانـەت ئەمـڕۆ زۆرینـەی ئینسـانەکان دەسـتیان ناگاتـە زمانێـکی لـەم جـۆرە.


لەلایـەکی تـرەوە، گـەر کاتیگۆریـی حەقیقـەت پشـتگوێ بخرێـت، گـەر هەرگیـز جگـە لـە فرەبەهایـی مانـا هیچـی ترمـان نەبێـت، کەواتـە بەناچـاری فەلسـەفە هیچـکات مـل بـۆ ئـەو تەحەدایـە نـادات کـە جیهـان لەژێـر هەژمـوونی مامەڵـە و بازرگانیـی پـارە و زانیارییەکانـدا دەیخاتـە بەردەمـی. ئـەم جیهانـە فەوزایەکـە لـە ڕەوتی کەمتـازۆر ڕێسـامەند و کۆدڕێژکـراو کـە پـارە و بەرهەمهێـنراوەکان و وێنـەکانی تیـا ئاڵوگـۆڕ دەکرێـن. گـەر بڕیـارە فەلسـەفە لـە جیهانێـکی وەهـادا ئـارەزووی خـۆی بپارێزێـت، ئـەوا پێویسـتە جۆرێـك لـە پرەنسـیپی وەسـتاندن و دابڕانـدن بخاتـەڕوو. دەبێـت فەلسـەفە بتوانێـت شـتێك بخاتـە بەردەمـی بیرکردنـەوە کـە توانـای هەبێـت وەسـتانوپچڕانێك لـەم سیسـتەمە بێکۆتاییـەی دەستاوەدەسـتکردن و ئاڵوگـۆڕدا درووسـتبکات. پێویسـتە فەلسـەفە ئەگـەر و ئیمـکانی خاڵێـکی وەسـتان و دابـڕان تاقیبکاتـەوە، ئەویـش نـەك لـەو ڕووەوە کـە ئـەم هەمـووە بوەسـتێت، بەڵکـو لـەو ڕووەوە کـە پێویسـتە بیرکردنـەوە لانیکـەم بتوانێـت خـۆی لـە خولگـەی ئـەم دەستاوەدەسـتکردنە بخاتـەدەرێ و جارێـکی تـر ببێتـەوە بـە خـاوەنی خـۆی، ئەویش بـەدەر لـەوەی ببێتـە ئۆبێکتێـکی دەستاوەدەسـتکردن و ئاڵوگـۆڕ. ئاشـکرایە خاڵێـکی دابـڕانی لـەم جـۆرە دەتوانێـت تەنیـا پێداویسـتییەکی بێمـەرج بێـت، واتـە شـتێك بێـت بەبـێ هیـچ مەرجێـك و بێجگـە لـە خـۆی، ببێتـە بابـەتی بیرکردنـەوە، نـە ئاڵوگـۆڕ دەکرێـت و نـە تێهەڵکێشـیش دەبێتـەوە بـە پرۆسـەی دەستاوەدەسـتکردن. بـە بـڕوای مـن، هەبـوونی خاڵێـکی دابـڕانی لـەم جـۆرە، هەبـوونی لانیکـەم پێداویسـتییەکی بێمـەرج، مەرجـی زەرووریـی بـوونی فەلسـەفەیە. لـە غیـابی خاڵێـکی وەهـادا، هەمـوو ئـەوەی هەیـە کورتدەبێتـەوە لـە دەستاوەدەسـتکردنی گشـتیی زانـین، زانیـاری، کاڵا، پـارە و وێنـەدا. بـە بیروبۆچـوونی مـن، ئـەم پێداویسـتییە بێمەرجـە ناتوانێـت پشـت ببەسـتێت بـە کێشـەی فرەبەهایـی مانـاکان. ئەمـە هـاوکات پێویسـتی بـە بنیاتنانـەوە یاخـود دووبارە-دەرکەوتنـەوەی کاتیگۆریـی حەقیقـەت هەیـە.

ئێمـە پێکـڕا ملکەچـی نایەکانگیریـی وێنـەکان و شـەرح و لێدوانـە تیکـەڵ و پێکەڵـەکانی میدیایـن. چ شـتێك دەتوانێـت بـە ڕووی ئـەم دۆخـەدا بوەسـتێتەوە؟ پێموانیـە هیـچ بتوانێـت بـە ڕوویـدا بوەسـتێتەوە، جگـە لـە گەڕانێـکی لەسـەرەخۆ و سـەبوورانە لانیکـەم بـەدوای حەقیقەتێکـدا، کـێ نالێـت چەندیـن [حەقیقەتیـش؟]. بەبـێ هەبـوونی ئـەم حەقیقەتانـە، دژەلۆژیکیـی زاتیـی کۆمۆنیکاسـیۆنی ئاپـۆرەی خەڵـك، جـەژن و کەرنەڤاڵـی کاتیـی خـۆی دەسـەپێنێت.

فەلسـەفە ناچارمـان دەکات دژی وەسوەسـەی ئاسـایش و خۆشـگوزەرانی زار هەڵبدەیـن، وەسـتان و پچڕانیـش بخەینـە حیسـاب و کیتـابی ئـەو ژیانـەوە کـە ملکەچـی ئاسـایش و سـەلامەتییە. بـەڵام ئاخـۆ فەلسـەفە چ بەخـت و شانسـێکی بردنـەوەی هەیـە، گـەر لەژێـر نـاوی ئـەو بەهایـەدا نەبێـت کـە ئـەم ریسـکە ڕێکدەخـات و لانیکـەم سـەنگ و یەکانگیرییـەکی پێدەبەخشـێت؟ لێرەشـدا دیسـان قەناعەتـم وایـە کـە نابێـت لەخـۆڕا و بێهـودە پێمانوابێـت دەتوانـین بەبـێ پرەنسـیپێکی حەقیقـەت، جۆرێـك لـە قومـاری وجـودی دەکەینـە گـژ حیسـاب و کیتـابی ژیانـدا، ئـەو قومـارەی کـە بتوانێـت گەشـە بـەو شـتە بـدات کـە پێـی دەوترێـت ڕزگاری و نەجاتبـوون(liberty).

ئێسـتا بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەکسـیۆمەکانی فەلسـەفەی هاوچـەرخ، ئایـا دەتوانـین ئارەزووکـردنی فەلسـەفە لـە جیهانێکـدا وەك ئـەوەی هەیـە، بپارێزیـن و ڕابگریـن؟ ئاخـۆ دەتوانـین هـەر چـوار ڕەهەندەکـەی شـۆڕش، لۆژیـك، گەردوونێتـی، و ریسـك لەبەرامبـەر هـەر چـوار ڕێگـرە هاوچەرخەکـەدا ڕابگریـن: مامەڵـەکاری و ئاڵوگۆڕکـردن، کۆمۆنیکاسـیۆن، دابەشـکردنی کاری تەکنیـکی، و وەسوەسـەی ئاسـایش و خۆشـگوزەرانی؟

مـن لـەو بڕوایـەدام کـە ئەنجامـدانی ئـەم کارە لـە چوارچێـوەی ئاراسـتەکانی هێرمۆنۆتیـکی، شـیکاری و پۆسـتمۆدێرنی فەلسـەفەی هاوچەرخـدا شـتێکی مومکیـن و ڕەخسـاو نیـە. بـە بـڕوای مـن، ئـەم ئاراسـتانە زیادلـەڕادە پابەنـدن بـە فرەبەهایـی مانـا و فرەیـی زمانەکانـەوە. شـتێك لەوانـەدا هەیـە کـە لـە پیشاندانەوەی سـەر و سیما ـی جیهانـدا زیادەڕەوی دەکات. ئـەوان لەگـەڵ جیهانەکەمانـدا لـەوە کۆکـتر و بێکێشـەترن بتوانـن مـەودا و دابڕانێـك درووسـت بکـەن کـە زەروورەتی نـاو فەلسـەفە خۆیـەتی.






# بەرەو ستایلێکی نوێی فەلسەفە

هەڵوێستی من دابڕانە لەم چوارچێوانەی بیرکردنەوە، و دۆزینەوەی ستایلێکی ترە، ستایلێك جیا لە ستایلی تەفسیر [ئاراستەی هێرمۆنۆتیکی]، شیکاری لۆژیکی-ڕێزمانی[ئاراستەی شیکاری]، یان ستایلی فرەبەهایی و گەمە زمانەوانییەکان [ئاراستەی پۆستمۆدێرن]: واتە کەشف و دۆزینەوەی ستایلێکی بنیاتنەر، ستایلێکی سوور و پێداگر، بۆنموونە ستایلێکی وەك ئەوەی لە قوتابخانەکەی دیکارتدا هەیە.

هەڵوێستێکی وەها دەتوانێت پشت بە دوو ئایدیا ببەستێت کە هەردووکیان سادەن، بەڵام بە بڕوای من هەردووکیان لە پێشەکییە زەرووریەکانی گەشە و پەرەسەندنی فەلسەفەن. ئایدیای یەکەم ئەوەیە کە زمان ئاسۆی ڕەهای فیکر و بیرکردنەوە نیە. دەبێت وەرچەرخانی زمانەوانیی گەورەی فەلسەفە، یان ڕاکێشانی فەلسەفە بۆ ناو تێڕامان لە زمان، پێچەوانە و ئاوەژوو بکرێتەوە. ئەفلاتون لە دیالۆگی کراتیلۆسدا کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی تەرخانە بۆ زمان، دەڵێت: «ئێمەی فەیلەسوفان لە وشەکانەوە دەستپێناکەین، بەڵکو لە شتەکانەوە دەستپێدەکەین». بە چاوپۆشی لە قورسی یان تەمومژی ئەم ڕستەیە، من پێموایە، پێویستە فەلسەفە سەرلەنوێ ئەم بیرۆکەیە زیندووبکاتەوە کە شتەکان بکاتە دەسپێکی ئیشەکەی خۆی نەك وشەکان. پێویست بە وتن ناکات، دەبێت ئەوە پشتڕاست بکەینەوە زمان هەمیشە پێکهێنەری ئەو شتەیە کە دەتوانین ناوی بنێین مادەی مێژوویی حەقیقەت و فەلسەفە. زمان هەمیشە شتێك دەبەخشێتە فەلسەفە کە من پێی دەڵێم دەنگ و دەنگدانەوە، ڕیتم، ئاهەنگی وشەی فەلسەفە. ئەوە زمانە کە هەموو ئەم سیما و فیگەرە تاقانەیەمان دەخاتە بەردەم. بەڵام هاوکات لەو بڕوایەدام کە ئەمە پرەنسیپی بنچینەیی ڕێکخستنی بیرکردنەوە نیە. ئەو پرەنسیپەی کە فەلسەفە ناتوانێت بیخاتەلاوە پرەنسیپی گواستنەوەی گشتەکی و گەردوونییە، بە چاوپۆشی لە پێدانی ستایل یان دەنگ و وشە، هەروەها بە چاوپۆشییش لە پەیوەندیی فەلسەفە بەم زمان یان ئەو زمانەوە. فەلسەفە ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە ڕووی دەمی لە هەموانە، گەرچی لەبنەڕەتدا پراکتیکی نیە، لەوەش کە فەلسەفە هیچ کۆڕوکۆمەڵەیەکی زمانی، نەتەوەیی، دینی، ڕەگەزی و نەژادی لەم بانگەوازە ناکاتە دەرێ. فەلسەفە هیچ زمانێك وەك زمانی تاقانە و مومتاز سەیر ناکات، تەنانەت ئەو زمانەشی کە پێینوسراوە. فەلسەفە خۆی لە ئایدیالی ڕواڵەتیی ڕووتی زمانی زانستیدا گەمارۆ نادات. توخمە سرووشتییەکەی فەلسەفە بریتییە لە زمان، بەڵام لە هەناوی ئەو توخمە سرووشتییەدا فەلسەفە بانگەوازێکی گشتەکی و گەردوونی دادەڕێژێت.

ئایدیای دووەم ئەوەیە کە ڕۆڵی تاقانە و کورتنەکراوەی فەلسەفە بریتییە لە بنیاتنانی خاڵێکی جێگیر لەناو گوتاردا، خاڵێکی وەستان، خاڵێکی دابڕان، خاڵێکی بێمەرج. خەسڵەتی جیهانەکەی ئێمە، «خێرایی»ـە: خێرایی گۆڕانی مێژوویی، خێرایی گۆڕانی تەکنیکی، خێرایی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن، خێرایی شێوەگۆڕکێ ، و تەنانەت خێرایی سەرسوڕهێنەری درووستبوونی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا: ئەم خێراییە، دەمانخاتە بەردەم هەڕەشەی پشێوی و نایەکانگیرییەکی هێجگار گەورە. بەهۆی دەستاودەستکردنی خێرای شتەکان، وێنەکان، و پەیوەندییەکانەوەیە کە تەنانەت فریای ئەوەش ناکەوین ئەم نایەکانگیرییە بپێوین. خێرایی، سەرپۆش و دەمامکی سەر ڕووی نایەکانگیرییە. پێویستە فەلسەفە جۆرێك لە پرۆسەی هێواشکردنەوە و دواخستن پێشنیاربکات، پێویستە کاتێك بۆ بیرکردنەوە بڕەخسێنێت و بنیاتبنێت بۆ ئەوەی لەبەرامبەر فەرمانی زیادبوونی خێراییدا، کاتی تایبەتی خۆی بنیاتبنێت. من ئەمە بە بەشێك لە تایبەتمەندییە تاقانە و بێهاوتاکانی فەلسەفە دەزانم، بیرکردنەوەی فەلسەفی بریتییە لە پاڵدانەوە و کاتی پشوو، چونکە ئەمڕۆ شۆڕش پێویستی بە پاڵدانەوە و کاتی پشووە نەك خێرایی. تەنیا ئەم بیرکردنەوە خاو و هێواش و سەرەنجام شۆڕشگێڕەیە کە دەتوانێت ئەو خاڵە جێگیرە لە هەر فۆرمێکدا و لەژێر هەر ناوێکدا بنیاتبنێت کە بۆ پاراستنی ئارەزووی فەلسەفە پێویستمانە.

لەبنەڕەتدا، کێشەکە بریتییە لە بنیاتنانەوەی فەلسەفیی کاتیگۆریی حەقیقەت، ئەویش لەڕێگەی هێواشییەکەوە کە لە خێرایی جیهان دەمانپارێزێت- نەك بەو جۆرەی میتافیزیك بۆی گواستووینەتەوە، بەڵکو بەو جۆرەی توانای بنیاتنانەوەمان هەیە، ئەویش بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئێستای جیهان. کێشەکە، ڕێکخستنی سەرلەنوێی فەلسەفەیە بەدەوری ئەم بنیاتنانەوەیە و سازدانی فەزا و کاتی شایستەیە بۆی. لێرەدا گریمانەکە لەسەر ئەوەیە کە فەلسەفە چیتر دوای جیهان ناکەوێت و چیتر هەوڵنادات





هێنـدەی جیهـان تیـژ و خێـرا بێـت، چونکـە گـەر فەلسـەفە بیەوێـت بەهەمـان ڕادە خێـرا بێـت ئـەوا خـۆی لـە هەنـاوی ئـارەزووی خۆیـدا لەناودەبـات، ئیـدی لـە دۆخێکـدا نابێـت [١]شۆڕشـەکەی خـۆی بپارێزێـت، [٢] لۆژیکەکـەی سـەرلەنوێ بنیاتبنێتـەوە،[٣] بشـزانێت بانگـەوازی گشـتەکی و گـەردوونی چیـە، [٤] یـان ڕیسـك و سـەرکێشی بـکات و بـوون ڕزگاربـکات.

## داواکاریی جیهان لە فەلسەفە


بـەڕووی کێشـەکە ئەوەیـە بزانـین لـە دۆخـی هەنوکـەی جیهانـدا، هەنگاوێـکی وەهـا ترسـناك بـواری ئـەوەی هەیـە بخرێتـەڕوو، یـان ئـەوەی پێشـنیاری دەکەیـن جگـە لـە بانگهێشـتێکی بێسـود هیچـی تـر نیـە. گومـانی تیـا نیـە کـە فەلسـەفە نەخۆشـە. وەك هەمیشـە کێشـەکە ئەوەیـە بزانـین ئایـا ئـەم نەخۆشـییە کوشـندەیە یـان نـا، دەستنیشـانی بکەیـن و بزانـین ئاخـۆ چارەسـەرە پێشـنیارکراوەکە لەڕاسـتیدا وەك زۆرجاریـش ڕوودەدات، ڕێـك ئـەو شـتە نیـە کـە قـوڕ دەکات بەسـەر نەخۆشـەکەدا. حەقیقـەت بەدەسـت دوو ئـازارەوە دەناڵێنێـت. بـە بۆچـوونی مـن حەقیقـەت بەدەسـت ڕێژەگەرایـی زماناسـییەوە نەخۆشـکەوتووە، واتـە تـووش بـووە بـە گرفتـی تەفرەقـە و جیاوازیـی مانـاکان؛ هەروەهـا بەدەسـت نەخۆشـیی ڕەشـبینیی مێژووییـەوە دەناڵێنێـت، بۆمونـە دەرهـەق بـە خـۆی.

گریمانەکـەی مـن ئەوەیـە گەرچـی فەلسـەفە نەخۆشـە، بـەڵام لـەوە کەمـتر نەخۆشـە کـە خـۆی مەزەنـەی دەکات و بـاسی‌دەکات. یەکێـك لـە تایبەتمەندییـەکانی فەلسـەفەی هاوچـەرخ، وەسـفکردنی وردی نەخۆشـییە کوشـندەکەی خۆیـەتی لـە چەندەهـا لاپـەڕەی بێشـومار‌دا. بـەڵام وەك خۆیشـتان دەزانـن هەرکاتێـك نەخۆشـەکە خـۆی وتی نەخۆشـم، ئیـدی هەمیشـە چانسـێك هەیـە لانیکـەم لەبـەردەم نەخۆشـییەکی وەهمـی و خەیاڵیـدا بـین، و پێموایـە لەبـەردەم حاڵەتێـکی لـەم جۆرەشـداین، چونکـە جیهـان خـۆی، واتـە ئـەو خەڵکـەی تێیـدا دەژیـن و بیردەکەنـەوە، سـەرەڕای ئـەو هەمـووە گوشـارە نەرێنییـەی دەیخاتـە سـەر ئـارەزووی فەلسـەفە، کەچـی هێشـتاش هـەر شـتێکیان لـە فەلسـەفە دەوێـت. لەگـەڵ ئەمەشـدا، فەلسـەفە بەهـۆی ڕوانگـە نەخـۆش و مردەڵەکـەی خۆیـەوە دەرهـەق بـە خـۆی، لـەوە گرژتـر و عەبوسـترە وەڵامبداتـەوە.

چوار هۆکار بۆ ئەو بڕوایەی من هەن کە جیهان داوایەکی لە فەلسەفە هەیە.

یەکـەم هـۆکار ئەوەیـە کـە ئێسـتا ئیـدی تێگەیشـتووین هیـچ چانسـێك بـوونی نیـە بـۆ ئـەوەی زانسـتە مرۆییـەکان جێـی فەلسـەفە بگرنـەوە. وایدەبینـم لـەو کاتـەوە کـە زانسـتە مرۆییـەکان بوونەتـە مـاڵ و مۆڵگـەی زانسـتە ئامارییـەکان، ئیـتر ئاگاهاتنـەوە لـەم مەسـەلەیە بۆتـە شـتێکی بـاو و بەرفـراوان. زانسـتە مرۆییـەکان لـەم ڕێگەیـەوە گـیرۆدەی دەستاودەسـتکردنی مانـا و فرەبەهاییەکـەی بوونەتـەوە، چونکـە بەهـا و بـڕی دەستاودەسـتکردن و ئاڵوگـۆڕەکان دەپێـون. ئەمـە نیـەت و مەبەسـتەکەیانە. لەبنەڕەتـدا، ئـەم زانسـتانە خزمەتـکاری ڕاپرسـییەکان، پێشـبینییەکانی هەڵبـژاردن، موعەدەلـە دیمۆگرافییـەکان، بـڕی پەرەسـەندنی درمـەکان، سـەلیقە و بەدسـەلیقەییەکانن و بەدڵنیاییشـەوە سـەرجەمی ئـەم حاڵەتانـە ئیـشی سەرنجڕاکێشـن. بـەڵام ئـەم زانیارییـە ئامـاری و ژمارەییانـە هیـچ پەیوەندییـەکی بـەوەوە نیـە کـە ماهیـەتی مرۆڤایـەتی، یـان ماهیـەتی هـەر بوونەوەرێـکی تـەواو تاقانـە چیـە. هەمـووان دەزانـن لـە دوا شـیکاردا تاقانـە(the singular) هەمیشـە سـەنتەری ڕاسـتەقینەی هەمـوو جـۆرە بڕیارێـکی گرنگـە و هـەر جـۆرە حەقیقەتێکیـش سـەرەتا لـە کەوڵـی پرسـێکی تـەواو تاقانـەدا خـۆی دەردەخـات. بـەو جـۆرەی کـە لـە داهێنـانی زانسـتی، ئەفرانـدنی هونـەری، ئیبداعـی سیاسـیدا هەیـە یـان لـەو ڕووبەڕووبوونەوەیـەدا کـە عەشـق دەخولقێنێـت. لـە هـەر جێیەکـدا بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان حەقیقەتێـك لەبـارەی بوونـەوە ڕادەگەیەنرێـت، ئـەوا ئـەم حەقیقەتـە لەسـەر تاقانەییـەك(singularity) بەنـدە. موعەدەلەکان(ڕێـژەی مامناوەنـدی)، ئامـاری کۆمەڵناسی، مێـژوو، دیمۆگرافیـا یـان ڕاپـرسی ناتوانـن فێرمانبکـەن کـە مێـژووی حەقیقەتێـك چیـە. لـەم ڕووەوە جیهـان پێویسـتی بەوەیـە فەلسـەفە فەلسـەفەیەکی تاقانـە بێـت و بتوانێـت بـیر لـە تاقانـە بکاتـەوە و ڕایبگەیەنێـت و ئەمـەش ڕێـك ئـەو کارەیـە کـە بەشـێك نیـە لـە ئـەرك و ئامانجـی دامـودەزگای گشـتیی زانسـتە مرۆییـەکان. ئەمـە هـۆکاری یەکـەم.

هـۆکاری دووەم ئەوەیـە کـە ئەمـڕۆ شـاهیدی تەفروتوونابـوونی ئەکتـە جەماوەرییـە گەورەکانـین کـە ڕۆژگارێـك وا خەیاڵـمان دەکـرد لـە هەنـاوی خۆیانـدا هەڵگـری کۆمەڵێـك تـۆوی ڕزگاری و حەقیقەتـن. ئێسـتا دەبینـین [ئیـدی] هێـزی ڕزگاریخـوازی لـەم جـۆرە بـوونی نیـە، دەبینـین نـە پێشـکەوتنێك لەئارادایـە و نـە پرۆلیتاریایـەك و نـە شـتێکی لـەو جـۆرەش. دەبینـین بەشـێك نیـن لـە تانوپـۆی هێـزی






لەم جۆرە و هیچ هیوایەکمان نیە هەروا بەهۆی خۆتێهەڵکێشکردنمانەوە لە هێزێکی وەهادا یان بەهۆی بوون بە ئەندامەوە لە هێزێکی وەهادا ئارەزووی خۆمان ڕابگرین و بپارێزین. ئەمە یانی چی؟ ئەمە بەو مانایە دێت کە هەریەکە لە ئێمە، نەك فەیلەسوف بەتەنیا، تێدەگات ئەمڕۆ کاتێك ڕووبەڕووی پرسی نامرۆڤانە(the inhuman) دەبینەوە، ئیدی پێویست بەوە دەکات بڕیاری خۆمان بدەین و بە ناوی خۆمانەوە بدوێین. ناتوانین لەپشت هیچ جۆرە پۆلێنبەندییەکی گەورەی دەستەجەمعی، یان لەپشت هێزێکی گریمانەیی یاخود کۆیەتییەکی میتافیزیکییەوە خۆمان بشارینەوە کە پێدەچێت جێیەکیان لە زەینی مرۆڤدا هەبێت. بەڵام بەمەبەستی وەرگرتنی هەڵوێستێك بەناوی خۆمانەوە لە ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی نامرۆڤانەدا، بۆ بڕیاردان، هەبوونی خاڵێکی جێگیر پێویستە. بۆ ڕێکخستنی بڕیار و ڕێکەوتن، پێویستمان بە پرەنسیپێکی بێمەرجە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ هەمووان ناوی‌دەنێن زەرورەتی جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ ئەخلاق . بەڵام دەرفەتم بدەن با شتەکە بە هەڵە وەرنەگیرێت. لەڕووی فەلسەفییەوە، گەڕانەوە بۆ ئەخلاق، گەڕانەوە بۆ پرەنسیپێکی بێمەرج دەکاتە شتێکی زەروری. چرکەساتێك هەیە کە پێویستە مرۆڤ بتوانێت لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی ئەو پرەنسیپەدا بڵێت فلان شت درووستە و فیسار شتیش نادرووست. ناتوانین ملکەچی زنجیرەی بێکۆتایی چەلەحانێکان و حیساب‌وکیتابەکان بین. هەروەها دەبێت هەندێك گووتە لەگۆڕێدا بن تاکو بکرێت لەبارەیانەوە بڵێین ئەوان بەشێوەیەکی بێقەید و مەرج ڕاست و درووستن. باش دەزانین داوادەکرێت هەڵوێستێك لەبارەی پرسێکەوە بگیرێتە بەر یان ڕێکەوتنێك لەبارەی ئەو هەڵوێستەوە گەڵاڵە بکرێت، ئیدی زەرورییە وەك دوایین ڕێگەچارە پێگە و هەڵوێستێك بدۆزینەوە کە بەشێوەیەکی بێمەرج بۆ هەموو کەسێك ڕاست و درووست بێت. بۆیە ناتوانین بڵێین پێویستە هەریەکە لە ئێمە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پرسی نامرۆڤانەدا، بەبێ دەرگیرکردنی سەرلەنوێی فەلسەفە لەگەڵ ڕەهەندی حەقیقەتدا، پێگە و هەڵوێستێك بەناوی خۆیەوە دەستنیشان بکات و جیهان وەك ئەوەی کە هەیە خوازیاری ئەمەیە و فەلسەفەش بە هەمان شێوە.

هۆکاری سێیەم پەیوەندیی هەیە بە هەستانی ئەم دواییەی جۆش‌وخرۆشە کۆنەکانەوە، واتە لەگەڵ هەستانی جۆش‌وخرۆشە کەلتورییە، دینییە، نەتەوەییە، ڕەگەزییەکاندا. ئەم دیاردانەی کە لەڕووی مێژووییەوە قابیلی تێڕوانینن، هاوکات داواکارییەك دەخەنە بەردەم فەلسەفە. فەلسەفە کە جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەم جۆش‌وخرۆشانە بۆتەوە، دەوروژێنرێت و هاندەدرێت تا لەم بارەیەوە بدوێت کە پێگەی عەقڵ کەوتۆتە کوێوە، چونکە ئەم جۆش‌وخرۆشانە وەك سیمای هاوچەرخی دێرینگەراییەکی دژەعەقڵ وان کە مەرگ و وێرانییان لە خۆیاندا حەشارداوە. داوا لە فەلسەفە دەکرێت تاکو هەڵوێست لەبارەی عەقڵانیەتی هاوچەرخەوە وەربگرێت. دەزانین کە ئەم عەقڵانیەتە ناتوانێت دووبارەکردنەوەی عەقڵانیەتی کلاسیك بێت، بەڵام ئەوەش دەزانین کە ناتوانین چاوپۆشیی لێ بکەین، گەر نامانەوێت لەبەرامبەر هەڕەشەی ئەم جۆش‌وخرۆشە کۆنەپەرستانەدا، خۆمان بخەینە پێگەی لاوازیی زیادەڕۆی ڕۆشنبیرئاسایانەوە. کەواتە پێویستە فەلسەفەیەکی عەقڵانی بەم مانایەی وشەکە درووست بکەین، واتە بەو مانایەی کە پێویستە فەلسەفە لەژێر هەلومەرجی زەمانەدا، دەست بەو شتە بکاتەوە کە پێشتر لەناوی‌بردووە.

هۆکاری چوارەم و کۆتایی ئەوەیە کە ئەو جیهانەی تیایدا دەژین، جیهانێکی ناسك و لەرزۆکە. ئەم جیهانە، بە هیچ جۆرێك ئەو جیهانە نیە کە لە چوارچێوەی یەکێتیی مێژووەکەی خۆیدا ئۆقرەی گرتبێت و جێگیربووبێت. نابێت ڕێ بەوە بدەین تاکو قبوڵکردنی جیهانیی ناواخنەکانی [وەك] ئابوریی لیبراڵ و دیموکراسیی پارلەمانی ئەو ڕاستییە بشێوێنت کە ئەو جیهانەی لە هەناوی سەدەی بیستەمەوە هاتۆتەدەرێ، جیهانێکی توندوتیژ و ناسکۆڵەیە. بنەما مادی، ئایدۆلۆژی، و فیکرییەکانی جیاواز و پارچەپارچە و نایەکانگیرن. ئەم جیهانە مژدەبەخشی گەشەیەکی ڕاستەهێڵئاسای هێمن نیە، بەڵکو مژدەدەری کۆمەڵێك قەیرانی سەیروسەمەرە و ڕووداوگەلی پێك‌ناکۆکە. دوو نمونەکەی دوایی لەبەرچاو بگرن، جەنگی کەنداو و کەوتنی سۆسیالیزمی بۆرۆکراتیك. جەنگ لە بۆسنە و کوشتارەکانی ڕوانداش بخەنە سەر نمونەکانی سەرەوە. بەڵام لێتان تێکنەچێت، ئەم ڕووداوانە یەکەم ئەڵقەن لە زنجیرەیەکی درێژ. فەلسەفە ناچارە ئەوە مسۆگەر بکات کە بیرکردنەوە دەتوانێت بەبێ دڵەڕاوکێ درامای ڕووداو درك‌بکات و قبوڵی بکات. ئێمە لەبنچینەدا پێویستمان بە فەلسەفەیەك نیە سەبارەت بە بونیاد و ستراکتۆری شتەکان. ئێمە پێویستمان بە فەلسەفەیەکە کە ئاوەڵا بێت بە ڕووی تاقانەیی کورتنەکراوەی ئەو شتەدا کە ڕوودەدات، فەلسەفەیەك کە بتوانێت خۆراکی خۆی لە عاجباتی و غافڵبوونی چاوەڕواننەکراو (the unexpected)ـەوە وەربگرێت. فەلسەفەیەکی لەم چەشنە، سەرەنجام فەلسەفەیەکی ڕووداوە. ئەمەش ئەو شتەیە جیهان لە فەلسەفەی دەخوازێت، جیهان وەك ئەوەی کە هەیە.





# دۆکترین ێکی نوێ سەبارەت بە سوبێکت

بۆیـە، ئـەوەی جیهـان داوای دەکات لێـمان فەلسـەفەیەکی تاقانەیـە(singularity) ، فەلسـەفەیەکی عەقڵانیـەتی هاوچـەرخ و فەلسـەفەیەکی ڕووداو. ئەمـە خـۆی بۆخـۆی بەرنامـە و پرۆگرامێکـە. بـۆ بەئەنجامگەیانـدنی ئـەم بەرنامەیـە پێویسـتە لـەو سـێ ئاراسـتەیە تێپەڕیـن کـە باسـمان کـردن. پێویسـتمان بـە فەلسـەفەیەکی پێداگرتـر و فەرماندەرتـرە، بـەڵام فەلسـەفەیەك کـە هـاوکات خاکیـتر و وەسـفیترە و لـەم جیهانـەی ئێسـتا مەدایـەکی زیاتـری وەرگرتـووە. فەلسـەفەیەك کـە جۆرێکـە لـە پێکداچـوونی عەقڵانیـی تاقانـەی ڕووداو و تاقانـەی حەقیقـەت.

فەلسـەفەیەك کـە بـە ڕووی سـودفە و بەختـدا کرابێتـەوە، بـەڵام بەختێـك کـە پێویسـتە «]دواتـر»] بدرێتـە دەسـتی یاسـای عەقڵـەوە. فەلسـەفەیەك کـە پارێـزەری پرەنسـیپە بێمەرجـەکان بێـت، بێمـەرج بـەڵام ملکەچـی یاسـایەکی نائیلاهـی و ناتیۆلـۆژی.

ئەمـە دەرفەتمـان دەداتـێ تاکـو دۆکترینێـکی نـوێ لەبـارەی سـوبێکتەوە بخەینـەڕوو- پێشـموایە ئەمـە ئامانـج و غایـەتی سـەرەکییە. [«بـەم جـۆرە»] دەتوانـین بڵێـین سـوبێکت چیـە، ئەویـش بەپێـی هەندێـك زاراوە بـەدەر لـە زاراوەکانی دیـکارت و کانـت و هیـگڵ. ئـەم سـوبێکتە سـوبێکتێکی تاقانـە دەبێـت نـەك گشـتەکی و گـەردوونی، لـەو ڕووەشـەوە تاقانەیـە چونکـە هەمیشـە ئـەوە ڕووداوێکـە کـە سـوبێکت وەکـو حەقیقەتێـك درووسـتدەکات.

بـە سـەرنجدان لـەم بەرنامەیـە، دەتوانـین بڵێـین خـۆ ڕاسـتە کـە میتافیزیـکی حەقیقـەت وێرانکـراوە و عەقڵانیـەتی کلاسـیکیش بـەس نیـە. بـەڵام بـە مانایـەك لـە ماناکان هەڵوەشـاندنەوەی میتافیزیـك و خسـتنەژێر پرسـیاری عەقلانیەتیـش هـەر بـەس نیـە. جیهـان پێویسـتی بەوەیـە کـە فەلسـەفە سـەرلەنوێ لەسـەر کۆڵەکـەی وێرانـەکانی میتافیزیـك دابڕێژرێتـەوە، ئەویـش بـە تێکەڵکـردن و تێهەڵکێـشی لەگـەڵ ڕەخنـەی مۆدێـرنی میتافیزیکـدا.

قەناعـەتی پتـەوم بـەوە هەیە-ئەمـەش هـۆکاری گەشـبینیمە- کـە جیهـان زۆر لـەوە زیاتـر پێویسـتی بـە فەلسـەفەیە کـە فەلسـەفە خـۆی بـیری لێدەکاتـەوە. فەلسـەفە نەخۆشـە و پێدەچێـت لـە گیانەڵاشـدا بێـت؛ بـەڵام دڵنیـام کـە جیهان(جیهـان دەڵێـم، نـەك خوایـەك یـان پێغەمبەرێـك، جیهـان خـۆی) ڕوودەکاتـە فەلسـەفە و دەڵێـت: «هەسـتە و هەنـگاو هەڵێنـە!».

**لەم دوو سەرچاوەوە کراوەتە کوردی:**

١. کتاب رخداد، آلن بدیو، میل فلسفه و جهان معاصر، ترجمه مراد فرهادپور و امید مهرگان، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٩.

٢. Philosophy and desire in Alain badiou, Infinite Thought, Continuum, Londonm newyork, ١٩٩٩, pp ٢٩-٤٢.